پێغەمبەرم نەبینی -صلى الله عليه وسلم- دەست لە هیچ شوێنێکی کەعبە بدات جگە لە دوو گۆشە یەمانیەکە نەبێت

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەرم نەبینی -صلى الله عليه وسلم- دەست لە هیچ شوێنێکی کەعبە بدات جگە لە دوو گۆشە یەمانیەکە (ڕوکنە یەمانیەکە) نەبێت».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەستی نەدەدا لە گۆشەکانی (ڕوکنەکانی) کەعبە جگە لە گۆشەی ڕەش وگۆشەی یەمانی (ڕوکنی ڕەش -الركن الأسود- وڕوکنی یەمانی -الركن اليمانی-) نەبێت، کەعبە چوار گۆشەی هەیە، گۆشەی ڕۆژهەڵات دوو فەزڵی هەیە: 1. لەسەر ئەو بنچینەیە کە ئیبراهیم -عليه السلام- دروستی کرد. 2. وبەردە ڕەشەکەی (الحجر الأسود)ی تێدایە. وگۆشەی یەمانی یەک فەزڵی هەیە، ئەویش ئەوەیە لەسەر ئەو بنچینەیە کە ئیبراهیم دروستی کرد. وگۆشەی شام وعێراق هیچ لەم فەزڵانەیان نییە، چونکە دروستکردنیان لە دەرەوەی بنچینەی دروستکردنی ئیبراهیمە چونکە بەردە ڕەشەکە لە کەعبە دەرهێنرا لەو ئاراستانەوە، بۆیە دەستلێدان وماچکردنی بەردە ڕەشەکە ڕێگەپێدراوە، ودەستلێدان لە گۆشەی یەمانی ڕێگەپێدراوە بە بێ ماچکردنی، ودوو گۆشەکەی تر دەستلێدان وماچکردنیان ڕێگەپێدراو نییە لە شەریعەتدا، وشەریعەتی ئیسلام لەسەر شوێنکەوتن وجێبەجێکردنی ئەحکامە شەرعیەکان بنیات نراوە، نەک لەسەر داهێنان وبیدعە کردن لە دیندا، وشەریعەتی خودا چەندەها حیکمەت ودانایی تێدایە کە نهێنی زۆریان لە خۆگرتووە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3026